## "ڕێبازی ئازادی" ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سازداوە



**"بە ئەندازەی نووکە دەرزییەك شۆڕشگێریی لە (pkk)و (پژاك)دا نییە"**
**ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق**

ڕێبوار ئەحمەد، وەکو کەسێکی چەپ و سیاسی و لیدەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، بەشداری لەم تەوەرە تایبەتییە دەکات، سەبارەت بەئەگەری پەلاماری هێرشی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و مەترسییەکانی ئەو پەلامارانە، ڕێبوار بەجددیان دەزانێ، بەڵام پێیوایە pkkو پژاك هیچکامیان شۆڕشگێر نیین، جیا لەوەش ڕێبوار بۆچوونی وایە کەدەبێ خەڵکی کوردستان بەرێکخراوەییبوونی خۆیان بەرگری لە کوردستان بکەن، نەك کۆببنەوە لە دەوری یەکێتی و پارتی.

*تێبینیدەکرێت هەڵوێستی یەکێتی و پارتی جیاواز بێ لەبەرامبەر تورکیا؟

ڕێبوار ئەحمەد: من وا یدەبینم کە جیاوازییەکەیان لەوە دایە کە پارتی زۆرتر هەست بە تەنگەتاوی دەکاتو بەم پێیەش هەستیارترە لە چاو یەکێتی، نەك ئەوەی دوو هەڵوێستی لە ناوەڕۆکەوە جیاوازیان هەبێت، بەشێکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەو ڕەوشتی جیاوازی ئەم دوو هێزەو سەرکردەکانیان بۆ مامەڵە لەگەڵ کێشەو لایەنەکان، بۆ نموونە تاڵەبانی کاتێك دەکەوێتە ناو کێشەیەکەوە لەگەڵ لایەك، کە دەرەقەتی نایات، دەست بە مجامەلەیەکی لەڕادەبەدەر دەکات، بەڵام بارزانی ئەم ڕەوشتەی کەمترە.

بەڵام هۆی جددی تری ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەم دوو حزبە ڕۆژتا ئێوارە باسی حکومەتی یەکگرتووو هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان خۆیان بکەن، لە واقیعدا ئەوان دوو دەسەڵاتن لە دوو ناوچەی جیاوازدا، ئێستا دەسەڵاتو ناوچەی نفوزی پارتی لەبەردەم هەڕەشەی ڕاستەوخۆدایەو لە ئەگەری هێرشی تورکیادا ئەو دەبێتە قوربانی یەکەم، هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە هاوسەنگی سیاسی ئێستای کوردستان بە قازانجی پارتیو بە زەرەری یەکێتییە، بۆیە یەکێتی زۆر نیگەرانی ئەوە نییە کە ئەم وەزعەو ئەم باڵانسەی ئێستای هاوکێشەی سیاسی کوردستان کە بە زیانی ئەوە، ئاڵوگۆری بەسەردا بێت.

*خەڵکی کوردستان گلەیی ئەوە لەپارتی و یەکێتی دەکەن کەپێشتر خۆیان هاوکاری تورکیاو ئێرانیان کرد بۆ لێدانی "pkk"بۆیە ئەم ڕەوشە بەسیناریۆ دەزانن؟

ڕێبوار ئەحمەد: ئەمە ڕەخنەیەکی جددییەو گۆشەیەك لە ماهییەتی ئەم دوو حزبەو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد نیشاندەدات، ئەوان لە پێناو بەرژەوەندی تەسكو کاتی خۆیاندا سیاسەت هەڵدەبژێرن، بە نرخی ڕۆژ نان دەخۆنو پابەندی پرەنسیپێکی سیاسی دیاریکراو نین. ئەوە واقیعییەتێکە کە ئەوان پێشتر بە پێی بەرژەوەندی قۆناغێکی لەمەوپێشیان شەڕی پەکەکەیان کردو ئێستاش خۆیان باسی ئەوە دەکەن کە لەو شەڕەدا خەڵکێکی زۆریان بە کوشتداوە، لە کاتێکدا ئەوکاتەش بەهانەکانی تورکیا هەر هەمان بەهانەکانی ئێستای بوون.

بەڵام من لەگەڵ ئەوەدانیم کە ئەمە سیناریۆیە، ئەمە هەڕەشەیەکی واقیعیو کێشمەکێشێکی واقیعییە. ئەمە ئاکامێکی فەشەلی ستراتیژی ئەمریکایە لە عیراق، تا ئێستا تورکیا دەوری لە چاو دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە بە تایبەتی ئێرانو سوریا لە عیراقدا لاوازبوو، ئێستا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە دەورو جێگاورێگای خۆی بەرێتە سەرەوە لە هاوکێشەو پرۆسەی سیاسی عیراقدا. بە تایبەتیش قەوارەیەکی سیاسی کە ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عیراق پەیدای کردووە هەمیشە جێگای نیگەرانی دەوڵەتی تورکیا بووە، ئێستا دەیەوێ لەم فرسەتەدا ئەوەی بکرێت، بۆ لابردنی ئەم بوئرەی قەلەقییەو بەهێزکردنی دەوری خۆی لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا بیکات، بەبروای من هەرەشەکە جددیەو دەبێ بەجددی وەربگیریت.

*لەئێستادا پژاك چالاکییەکانی ڕاگرتووە دژی ئێران، دەکرێت بڵێن دیبلۆماسییەتی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانە یان "pkk"خۆیەتی و ئێران یارمەتی "pkk"دەدات لەم ڕەوشە ئاڵۆزەدا؟

ڕێبوار ئەحمەد: هەموو ئەو مەسەلانە دەتوانن لە ئارادابنو دەوربگیرن. سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی حەتمەن هەوڵی خۆیانداوەو دەیدەین بۆ ئەوەی کە بەهانەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە ببرنو خۆیان لە پەلاماری ئەم دەوڵەتانە بپارێزن. لەم بارەیەوە ئەوان لە ڕابردوودا زۆر لە دیبلۆماسییەت زیاتر ڕۆیشتوونو بە کردەوە پێش لەشکریان بۆ کردوون و هاوکاری دەزگا جاسووسیو تیرۆریستەکانیان کردووەو دەستیان بۆ سەر بارەگای "براکوردەکانی خۆیان" ڕاکێشاوە. ئێرانو تورکیاش سەرباری پەیوەندی باشی نێوانیان لەسەر هەموو شتێك کۆك نین بە تایبەتی بەرژەوەندییەکانیان لە کوردستانی عیراقدا ناکۆکی تێ دەکەوێت. بۆیە

پەکەکەو پژاکو ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیش هەوڵی خۆیانداوە کارێك بکەن کە دەوڵەتی ئێران لەم کێشەیەدا نەکەوێتە هاوهەڵویستیو هاوبەرژەوەندییەوە لەگەڵ تورکیادا.
*"pkk" بەپشتیوانی کێ ئەم شەڕە دەکات؟
رێبوار ئەحمەد: پەکەکە دەیان ساڵە ئەم شەرەی دەستپێکردووەو شەڕەکەی تازە نییە. ئێستا شتێکی تازەی ئەوتۆ رووی نەداوە، گوایە واقیعییەتێکی وەها هەبێت کە لەم ماوەیەدا ئاڵوگۆڕێکی گەورە بەسەر دەورو چالاکی پەکەکەدا هاتووە، ئەوەی مەسەلەکەی بەرجەستەو گەورەکردووە، خودی تورکیایە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەزانێ ستراتیژی ئەمریکا لە عیراق شکستی خواردووە، هەلومەرجی عیراق رووی لە ئاڵۆزیەو دەیەوی لەم فرسەتەدا دەخاڵەت بکات لەسەر چۆنییەتی چوونەپێشی ئەم پرۆسەیەو بە تایبەتی دەوری ناسیۆنالیزمی کورد لاواز بکات.
تا ئێستا بەپێی نەریتو سیاسەتێکی باوی ناسیۆنالیزمی کورد پەکەکەش هەر لە قڵشتو کەلێنو ناکۆکی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە کەڵکی وەرگرتووەو لەم نێوەدا پشتیوانیو هاوکاریو پێداویستییەکانی خۆی بەدەستهێناوە، جارێك بە پشتیوانی دەوڵەتی سوریا، جارێك ئێرانو جارێك بە نێوان خۆشکردن لەگەڵ ئەحزابی دەسەڵاتداری کورد، هەروەها باجو سەرانەش لە خەڵکو کاروانچییەکانی ئەو ناوچانە وەردەگرێت کە تیادا جێگیربووە، جگە لەمانە ئەمرۆ پەکەکە دەیەوێ لە کێشەی نێوان ئەمریکاو دەوڵەتی ئێران کەڵك وەرگرێت.
*پێتوانییە لەحاڵەتی سەرکەوتنی کورد لەم کێشەیەدا هاوسەنگی کێشەکە لاسەنگ بێت؟
رێبوار ئەحمەد: لە پێشدا ئەوە بڵێم کە ئەوەی لە پرسیارەکەی ئێوەدا وەکو سەرکەوتنی کورد ناوی براوە، جێگای تێرامانو رونکردنەوەیە، سەرکەوتنی کورد یانی چی؟ ئایا مەبەست لە خەڵکی کوردستانە کە چەند ساڵە بێداد دەکەن بە دەست دەسەڵاتی میلیشیاییو گەندەڵی یەکێتیو پارتیەوە؟ یان مەبەست لە خودی یەکێتیو پارتییە؟ ئەم دووانە یەك نینو زۆریش لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی لەم کێشەو هەرەشەیە سەرکەوتوبێتە دەرەوە پێویستی بەوەیە سیاسەتو رێگایەکی تەواو جیاواز لە یەکێتیو پارتی بگرێتەبەر.
دەربارەی ئەوەی جێگاوڕێگایی یەکێتیو پارتی لەم کێشەیەدا چی بەسەر دێت، بە بڕوای من ئەوان بە لوتکەی ئاواتەکانی خۆیان گەیشتنو ئێستا ئیتر باریان رووی لە لێژییە، ئەوان دەبێ باجو قوربانی ئەوە بدەن کە خۆیان گرێداوە بە ستراتیژی ئەمریکاوە، ئەمڕۆ ئەمریکا فەشەلی هێناوەو ئاکامی ئەم فەشەلە ئەوانیش دەگرێتەوە، جگە لەمەش من هیچ لەم دوو حزبە بە تایبەتی لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆدا، لەو ئاستەدا نابینم کە جەسارەتێکی ئەوتۆ نیشانبدەن ببنە رەمزی راوەستاویەکی جەسورانە تەنانەت لە پێناو دەسەڵاتو ئامانجەکانی خۆشیاندا، هەر ئێستا دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی خواستەکانی تورکیاو داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەر بە بەهانەی پووچی نەبوونی ئێجازە سەرەتای ئەو گاڵتەجارییەیە، بەڵگەیەکێشە بۆ ئەوەی کە چۆن ئێجازەو یاسا لای ئەم حزبانە قسەی بێناوەرۆکە و هەرکات ویستیان لە دژی لایەك بەکاری دەهێننو هەرکاتیش پێویستیان پێی نەبوو بەبیریاندا نایات.
*دەستکەوت و زەرەرەکانی کورد لەم کێشەدا چییە؟
رێبوار ئەحمەد: بەراستی من لەگەڵ ئەو پێشبینییەدا کێشەیەکی جددیم هەیە، کە هەموو دانیشتوانی کوردستان لە ژێر یەك ناوو یەك بەرژەوەندیدا کۆبکرێنەوەو پێناسە بکرێن، لە هەر هاوڵاتییەکی زۆر سادەی کۆمەڵگای کوردستان بپرسیت، دەزانێ لە نێوان دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگایەدا ناکۆکییەکی زۆر قوڵ لە بەرژەوەندیو دەستکەوتو ئارەزوودا هەیە. ئەوەی بۆ ئەحزابی دەسەڵاتدارو بەرپرسانیان دەسکەوتو قازانجە، بۆ جەماوەرێکی ملیۆنی مایەی نەگبەتیو برسێتیو بێخانەو لانەییە. لام وایە دوای 16 ساڵ لە دەسەڵاتدارێتی ناسیۆنالیزمی کورد بە ناوی کوردەوە، ئێستا ئیتر ئەو دەستەواژەیە زۆر کۆن بووە.
بۆ ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیش زەرەرەکەی ئاشکرایە کە تەختو تاجی پاشایەتی و فیرعەونی ئەوان دەشێوێنێ.
*گەنجێك دەڵێ" من ئامادەنیم یەك دڵۆپ خوێن بۆ کوردستان بڕێژم" ئەوە مەترسی نییە لەسەر ئەوەی کە کورد ناتوانێ لەم شەڕەدا سەرکەوتووبێ؟
رێبوار ئەحمەد: ئەمە خۆی بەڵگەو نیشانەی ئاشکرای بێزاری خەڵك بە تایبەتی لاوانە لە وەزعی ئێستاو لە دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتیو پارتی، هەروەها ئەمە نیشانەی ئەو ناکۆکییە ئاشکراو گەورەیەیە کە پێشتر باسم کرد لە نێوان خەڵکو دەسەڵاتدا، منیش پێموایە سەرباری چەوتی سیاسەتی یەکێتیو پارتی، بەڵام ئەوان بە هۆی تەجروبەی خەڵك لەگەڵیانو بە هۆی پەیبردنی خەڵك بە ناوەڕۆکی سیاسەتو پلاتفۆرمو ئامانجو کارکردنیان، ئەوان ناتوانن خەڵك بۆ بەرگری بەرامبەر تورکیا لە ئاستێکی فراواندا رێکخراو بکەن، ئەوان

خەڵکیان دووچاری نائومێدیو داماوی کردووە.
هەڵبەت مەسەلەکە ئەوە نییە کە خەڵکو لاوان بێن لە پێناوی کوردستانو خاکی کوردستاندا خوێنی خۆیان بڕێژن، بە بۆچوونی من دەبی کوردستانو خاکی کوردستان سەرزەمینێك بێت بۆ بنیاتنانی ژیانێکی ئاسودەو بەختەوەر بۆ خەڵکەکەی، نەك داواکە وابێت کە لاوانێك بین خوێنی خۆیان بکەن بە قوربانی خاکێك کە بستێکی هی ئەوان نییەو رەنگە زۆربەیان سەرپانایەکیان تیایدا نەبێت، بەڵام راستی مەسەلەکە ئەوەیە، کە ئەمرۆ خەڵکی کوردستان پێویستیان بەوە هەیە و دەبێ ئامادەیی خۆیان بەرنە ئەو ئاستەی بتوانن لە دەوری ریزو سیاسەتێکی سەربەخۆ لە ناسیۆنالیزمی کورد بەرامبەر هەر هێزێك کە پەلاماریان بدات، بەرگری لە خۆیانو لە مافەکانیان بکەن.
*تا ئێستا بەشێکی هاوکێشەکە لەقازانجی "pkk"دایە، پێتوانییە بەدەرچوونی "pkk"لەم قەیرانە دەبێتە هێزێکی بەهێزترو شۆڕشگێرترو خاوەن جەماوەرتر؟
رێبوار ئەحمەد: نازانم بە دەقیقی مەبەستت لەوە چییە کە تا ئێستا هاوکێشەکە بەشێکی لە قازانجی پەکەکەیە، بەڵام پەکەکە رەنگە بەهێز یان لاواز بێت، رەنگە جەماوەری زیاد بکاتو یان کەم بکات، نامەوی لێرەدا قەزاوەتی خۆم لەسەر ئەوە بکەم کام یەك لەم ئیحتمالانە زیاتر چاوەورانکراوە. بەڵام ئەوەی کە یەقینم تیایدا ئەوەیە کە بە ئەندازەی نووکە دەرزییەك شۆڕشگێری لە پەکەکەو پژاکدا نییە تا چاوەوڕانی ئەوە بکەم "شۆڕشگێرتر"بن، ناسیۆنالیزمی کورد بە گشتی بزووتنەوەیەکی کۆنبوو و دواکەوتووانەو لایەنگری کۆنەپەرستیو ناکۆکە بە شۆڕشو شۆڕشگێریو هەموو جۆرە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانەو روولەپێش، بۆیە لە پێناو مەرامە دواکەوتووەکانی خۆیدا دەبینین بەردەوام دەستی حزبو لایەنەکانی بە پشتینی دەوڵەتێکی کۆنەپەرستی ناوچەکەو جیهانەوەیەو بە دەوری خۆیان ئاشی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو تەنانەت دژی ئینسانی ئەو هێزانە دەگێڕن.
*مەترسییەکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، کە لەلایەن تورکیاوە ئەگەری پەلاماردانی بکرێت و وەکو باکووری قوبرس داگیری بکات، ئەو مەترسییانە چۆن دەبینی و چۆنیەتی چارەسەرو بەرگرییەکانی کامانەیە؟
رێبوار ئەحمەد: منیش پێم وایە مەترسییەکە جددییەو تورکیا بە دڵو بەگیان دەیەوێ پەلاماری بداتو بەرژەوەندی لەمەدا هەیە، هەڵبەت ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە حەتمەن ئەم پەلامارە روودەدات، بەڵام زەمینەو زەرورەتی ئاشکرایە بۆ تورکیاو ئەوە دوای دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە چەندە بە کردەوە بۆی مەیسەر دەبێت.
ئاکامی ئەمەش بەدەر لەوەی چ شێوەیەك بە خۆیەوە دەگرێت، لەسەر خەڵکی کوردستان زۆر خراپو کارەساتبارەو پێشتر لەم بارەیەوە قسەم کرد، لە ووتارێکیشدا پێشتر رای خۆم باسکردووە کە لە بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر بڵاوبووەتەوە، بەبڕوای من خەڵك دەبێ بی درەنگ بێنەمەیدانو چاوەوڕانی ئەوە نەبن کە هەموو مەلزوماتو هەلومەرجو ئامادەکارییەکانی پەلاماری تورکیا تەواو بێت. هەڵبڕینی دەنگی نارەزایەتیو راکێشانی سەرنجی رای گشتی دنیاو ریسواکردنی ئەم نیەتە چەپەڵە، دەوری زۆری دەبێت لە تێکدانو ناکام کردنەوەی مەرامەکانی تورکیادا، لەم بارەیەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاران لە چەند وڵاتی ئەوروپادا هەولو کاری گرنگی بەرێخستووە کە دەبێ گەورەتربێتەوەو خەڵك بە فراوانی لەو کارانەی ئێمەدا بەشداری بکەن، هاوکات پێویستە خەڵك بۆ بەرگری لە خۆیان ریزی خۆیان ئامادە بکەن تا ئاستی بەرپەرچدانەوەیو بەرگری لە خۆکردنی چەکدارانە، بەڵام ئەمە نابێ تێکەڵ بە سیاسەتو بەندوبەستی جۆراوجۆری یەکێتیو پارتی بێت و دەبێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەوان بڕواتە پێشەوە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە هەموو توانای بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدات.
*تورکیا بەناوی "pkk"وە هەڕەشە دەکات و داوای تەسلیمکردنی بەرپرسەکانی دەکات، بەبۆچوونی ئێوە "pkk" لەکوێی هاوکێشەکاندایە و تاچەند رۆڵی نێگەتیڤی لەم رەوشەدا هەیە؟
رێبوار ئەحمەد: گومان لەوە نییە کە پەکەکە هێزێکەو لەشەڕدایە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیاو مایەی بێزاریو نیگەرانی گەورەیە بۆ تورکیا، ئەوەش واقیعییەتێکە کە هێزەکانی پەکەکە لە کوردستانی عیراق جێگیرن، تا ئێرەی مەسەلەکە کۆنەو تازە نییە، بەڵام من پێموایە بە دیاریکراوی لە ئێستادا تورکیا کارتی پەکەکە بەکاردەهێنێت بۆ دەخاڵەتی زیاتر لە عیراقو بۆ ئامانجی گەورەتر لە خودی مەسەلەی پەکەکە، لەوانە لەباربردنی ئەو قەوارە سیاسییەی لە کوردستانی عیراق هەیە، هەروەها بۆ جێخستنی مەبەستو ئامانجەکانی خۆی لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا. لەم بارەیەوە مەسەلەکە راستەوخۆ سیاسەتی تورکیاو وەزعی سیاسی عیراقە، پەکەکە نەك لەم کێشەیەدا بەڵام بە گشتی وەکو هێزێکی ناسیۆنالیستی کورد دەوری ئەوە دەگێڕی کە

**ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئازادیو ئایندەیەکی باش، بکاتە قوربانی ئامانجی خۆی بۆ مسۆگەرکردنی بەشە دەسەڵات.**

***ئەمریکا بەرپرسە لەعیراق و کوردستان، بەڵام دەکرێت بڵێین بێ دەنگە، ئەمریکا دەیەوێت بەرێگادانی تورکیا بۆ هێرش چ ئیمتیازێك بەدەستبێنێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد: هاتنەناوەوەی تورکیاو دەخاڵەتی زیاتری تورکیا لە عیراقو کوردستان، وەزعەکە لە ئەمریکا ئاڵۆزتر دەکات بە تایبەتی کوردستانی عیراق وەکو ئارامترین ناوچەی عیراق بۆ هێزەکانی ئەمریکا، دوچاری شێوانو نا ئارامییەکی گەورە دەبێت، بۆیە من پێموانییە کە ئەمریکا بە مەیلی خۆی دەیەوێ ڕێگا بدات بەم لەشکرکێشییە، بەڵام وەزعی نالەباری خۆی جۆرێکە کە کاردانەوەو هەڵوێستێکی قانع بۆی سەختە، ئەگەر سەرنج بدەین هەڵوێستی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر پەکەکە لە هەموو کاتێك نەرمو نیانترە لە کاتێکدا لە رابردوودا زۆر توندوتیژ بووە. بەشێکی زۆری ئەمە بە هۆی ئەوەوەیە کە دەیەوێ ئەم هێزە ناسیۆنالیستە کوردانە لە کێشمەکێشی نێوان خۆیو جمهوری ئیسلامیدا بەکاربهێنێت.**

***تاڵەبانی و بارزانی هەموو هێرش و تەسلیمکردنی سەرکردەکانی "pkk" و کوردستانیان رەتکردەوە پێت وانییە رەوشەکە بەم شێوەیە ئاڵۆزتر دەبێ و ناتوانرێ چارەسەری بکرێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد: داواکاری دەوڵەتی تورکیا بۆ تەسلیمکردنەوەی سەرکردەکانی پەکەکە کە رەنگە زۆربەیان لە کاتی تەسلیمکردنەوەیاندا دوچاری هەرەشەی ئیعدام ببنەوە، هەتا بڵێی داوایەکی دڕندانەو چەپەڵە، ئەمە داوایەکە دەبێ مەحکومو ریسوا بکرێتو دەوڵەتی تورکیا لە ئاستی هەموو دنیادا شەرمەزاربێت.**

***تورکیا هەموو هەوڵەکانی دیبلۆماسی رەتکردەوە دەیەوێت چی بکات؟**

**ڕێبوار ئەحمەد: دەیەوێ لەشکرکێشی بکات، ئەوەی ئەو دەیەوێ، وەکو وتم کێشەی پەکەکە نییەو ڕێگای دبلۆماسی مەرامەکانی بەدیناهێنێ، ڕێگای دبلوماسی تەنانەت بۆ کێشەی پەکەکەش لەبەرژەوەندی ئەودا نییەو ئەو ئامادە نییە و لەژێر فشارێکی ئەوتۆدا نییە کە پێویست بێت هیچ ئیمتیازێك بە پەکەکە بدات، بۆ ئەو دوای مەرامەکانی لە پەیوەندی بە کوردستانی عیراقو ئایندەی عیراقیشەوە ریگای لەشکرکێشی بە قازانجییەتی.**

**ڕ**

**گەڕانەوە**